# "گەمەی دبلوماسیەت" یا سیاسەتی واقع بینانە!!!

## لە بارەی سیاسەتی تازە "واقع بینانەی" رابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە!!

سەمیر نوری

دوا بە دوای نامەکەی رێبوار ئەحمەد بۆ رای گشتی سەبارەت بە " کۆتایی بارگرژی و بەرامبەرکێ" لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا ، چەند چاوپێکەوتن و سیمینارێك و نوسراوێك لەلایەن ئەندامانی مەکتەب سیاسی و کۆمیتە مەرکەزی حزبەکەیانەوە ئەم تەرحەیان زۆر زیاتر قوڵتر کردووەتەوە کە لە نامەکەدا بەیان کراوە ، وە وەك سیاسەتی واقع بینانە و سیاسەتێك " کۆمۆنیزم بەرێتە مەیدانی واقعی!" و " لە مەرکەزی سیاسەتی کۆمەڵگا بی چەقێنێ!" بەیانیان کرد . وە ووتیان " مومکنە بارگرژی نەمێنی بەلام ئاشتی تەواو نەبێ، ئەوەی دەکرێ بە ئاشتی تەواو ، تەنانەت پەیوندی زیاتریشی لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستانا رەبتە". هەروەها ووتیان ئەمە "مساوەمەیە!""گەمەی سیاسەتە" ئێمە دەست لە " دەعواکەمان هەڵدەگرین"و " مساوەمە بە مانا فراوانەکەی بەشێکە لە تاکتیکی سیاسی ئەحزاب و مفاوەزاتی ئەحزاب".

ووتیان "ئێمە ئەو هەنگاوەمان نا بۆ ئەوەی نارەزایەتیەکانی خەڵك بەناوی ئێمەوە سەرکوت نەکرێت" و " ئێمە لانی کەم بەو بەیانە بە خەڵکی کوردستان دەڵێین ئەگەر شتێکی وا دەڵێن ئەوە لەلای ئێمەوە ئەو شتە نەماوە بۆیە ئەگەر یەکێتی واتان پێ دەڵێن بڵێن هیچ دەستێ لە پشتی ئێمەوە نیە" .ئەمەش "هەست بە لێپرسراویتی بۆ گونجاو کردنی فەزای سیاسی کۆمەڵگای کوردستان "ە چونکە ئەم " فەزایە کاریگەری سەلبی هەبووە لەسەر فەزای سیاسی کۆمەڵگا " .

بەوەدەکا مێژوو جار جار دووبارە بیبێتەوە، بەڵام ئەڵێن دووبارە بوونەوەکەی بەشکلی گاڵتەجاری دەبێت، لە ساڵی 1936دا خالید بگداش سکرتێری حزبی شیوعی سوریا بیان نامەیەکی نووسی بۆ حکومەتی ئەو سەردەمەی سوریا بۆ دروست کردن بەرەی دژی فاشیزم کە ئەو کاتە مۆدی بوو و بەرەیەکی فراوانی لەو بابەتە لەسەراسەری دنیادا شکلی گرتبوو و داوای دەکرد کێشەکان چارەسەر بکرێت ، بەڵام هەر ئەو کاتە خالید بگداش خۆی شاردبووەوە وە حکومەت بەدوایەوە بوون بۆ زیندانی کردنی چونکە خۆی و حزبەکەی قەدەغەکراو بوون ، ئەمرۆ رێبوار ئەحمەد بە ناوی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە بە هەمان واقع بینی خالید بگداشەوە بەیان نامەی " ئاشتبوونەوە" و نەهێشتنی بارگرژی دەردەکات بەزبانێکی رۆشن دەڵێت " من حەساس ترم بە ئیسلامی سیاسی تا ناسیۆنالیزم" بۆ روو بە رووبوونەوەی خەتەری ئیسلامی سیاسی " یەکگرتووی ئیسلامی" ، بەڵام بە " هاورێیانی ئێمە کە خەریکی بلاوکردنەوە لێدوانەکە بوون لەلایەن ئاسیشەوە دەستگیر کران " . ئەوە دەلیلی و اقع بینی رێبوار ئەحمەد و "مەریخی" نەبوونیەتی!! کە بروسکەی پیرۆزبایەکەی وەك ئەوەی خالید بگداش مامەڵە دەکرێت ، بەراستی مێژوو گاڵتەجارێ سەیرو سەمەرەی تێدا ئەگوزەرێ .

مێژووی پانزە ساڵی رابردووی عێراق مێژوویەکە بە داگیر کردنی کویت و جەنگی کەنداو دەست پێدەکات ، ئەمەریکاو هاپەیمانەکانی ، ناسیۆنالیزمی کورد و ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی یاریکەرە ئەسڵیەکانی بۆرجوازی ساحەی سیاسی عێراق بوون ، سیناریۆی رەش و تاریك و کاول کردنی کۆمەڵگەیەکی چەند ملیۆنی و هەڵوەشانەوەی نەسیجی کۆمەلایەتی و ژێر خانی ئابووری کۆمەڵگە لەسەر دەستی ئەم هێزانە بەرێوە چوو و تا ئێستا درێژەی هەیە .ئەم ئەوزاعە بەسەرنجام گەیاندنی شەرِی دووەمی کەندا بە ئەوپەرِی تاڵی و تاریکی خۆی گەیشت و ئەو هێزانەی کە باسمان کرد هەر یەکیەکیان چمکێکی ئەم کۆمەڵگایەیان گرتووەتە دەستەوە، جەنگڵستان و تاریکستانی خۆیانی تێدا پیادەدەکەن. کۆنەپەرستی سیاسی لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکدا لە ئەوجی خۆیدایە و میلیشاو باندی پیاو کوژی و سەرکوتی خەڵك و زیندان سەر بەئەحزاب و نەبوونی هیچ خزمەتگوزاری و پێویستیەکی خەڵك دابین نەکردنی سەرەتایی ترین پێداویستیکانی ئینسان لە وڵاتێکی وەك عێراق دا لەسەر دەستی ئەم هێزانە جێبەجێ دەبێ .

ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی کە ئەمەریکا خستویەتێ روو لە عێراق دا مۆدێلێکە جیاواز لە مۆدێلی حکومەت کردن لە ساڵەکانی سەردمی جەنگی سارد و بەقەولی خۆیان " سەردەمی دکتاتۆریەتەکان" کە ئەڵتەرناتیف و حکومەتی دڵخوازی خۆیان بوو بۆ ئەو سەردەمە ، سەدام و حسێن و پینۆشێت ....هتد تەعریفی پراوپرِی ئەو بەدیلانەی ئەو سەردەمەی غەرب و ئەمریکا بوون . ئەمرۆ دروست کردنی حکومەتی نەوعی عێراق کە لەسەر ئەساسی دابەش کردنی ئینسانەکان بەسەر قەوم قەبیلە و دین و تایفەو چی و چیدا لە " مۆزایکێکی جوان" دا ژەهراو پێشکەش بەکۆمەڵگە دەکەن ، نە ئینسان مانی هەیە و نەمافە کانی ئینسان ئیتر ئەو کائینە کۆمەلایەتیە نیە کە ماف و پێناسەی هەبێت بەڵکو بە عەرەب و کورد و

شیعەو سونە و ئەوانی ترو مافە ڕەواکانی! ئەمانە پێناسە دەکرێت. حکومەتی کورد و عەرەبی سونە و شیعە و تورکمان و ئاشوری کلدنی و ... هتد ئەو نمونە تیپکاڵەی ئاڵتەرناتیڤەی ئەمەریکایە بۆ هەموو جیهان بەتایبەت وڵاتانی " جیهانی سیهەم"، و هێزە سیاسیە بۆرجوازیەکانی عێراق سوێندیان لەسەری خواردوە و فعال و تێکۆشەری ئەم ڕێگایەن و هیچ هێزێکی سیاسی لە نێو ئەم هێزانەدا نیە ئیدعای مەدەنیەت و عیلمانیەت بکات . بەدیل و دەستورو و قەرار و مەداریان لە چوارچێوەی ئەم پێناسەو مانایەیدایە .

ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین ئیتر بورجوازیەك نەماوە مودەعی جیای دین لە دەوڵەت بێت ، مودەعی یەکسانی تەواوی ژن و پیاو بێت، مودەعی دەوڵەتێك کە تێدا هاوڵاتیانی یەکسان بن لە مافدا ،ئیتر ئاڵای شۆڕشی گەورەی فەرەنسا و ئامانجە ئازادیخوازەکانی بەدەست بۆرجوازیەوە نیە ، ئەوان کۆنەپەرستی سیاسین ، مەدنیەت ئیتر ئاڵاکەی بەدەست بورجوازیەوە نیە ، ڤۆڵتێرەکان و ڕۆسۆکان ئیتر لە ریزی چینێکی تردان ، کۆمۆنیستەکان ئەمڕۆ ڤۆلتێر و ڕۆسۆکانی سەردەمن . هەر تێنەگەیشتنێك لەم واقعیەتە لە ئەمڕۆی ئەوزاعی عێراق دا ئینسانە کۆمۆنیستەکان ئەخاتە سەر ڕێچکەیەکی تر .تەنها سۆشیالستەکان ئەتوانن رزگار کەری کۆمەڵگەبن ، سکۆلارزم و مەدەنیەت بخەنە بەرپێی کۆمەڵگە حوکمێکی " مەریخی" نیە ، واقع بینانە و دروست و زانستییە و پشتی بە دەزگای فکری مارکس و مەنسور حکمەت بەستووە، هەر تێنەگەیشتنێکیش لەوەی کە تەنها سۆشیالستەکان ئەتوانن سکۆلاریزم و مەدنیەت لە ڕێگای دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆشیالستیەوە دابین بکەن، خۆی داتەکانی سکۆلاریزم و مەدەنیەت لە ناوەڕۆکەکەی بەداوا دێنێت.

" حەساسترم بۆ ئیسلامی سیاسی تا بە ناسیۆنالیزم " خۆی سەرەتا تێنەگەیشتنە لەم مەوقعیەتە تاریخیەی بورجوازی و پۆلێن کردنیانە بە خراپ و خراپتر و باش و باشتر، لە ڕووی سیاسیشەوە چاونوقاندنە لەوەی کە " پرۆسەی سیاسی " لە عێراق دا بە شەریکایەتی ناسیۆنالزمی کورد و عەرەب و ئیسلامی سیاسی و لە ژێر چەتری ئەمریکا و غەرب دەڕواتە پێش، لە مەجلیسی حوکم و حکومەتی کاتیەوە تا هەڵبژادنە گاڵتە جارێە یەك لە دوای یەکەکانیان کە بە هاوبەشی دەبرێتە بەرەوە .ئەم تێزەی ڕێبوار ئەحمەد خۆی دەتوانی سەنتەری تێزێك بێت بۆ دروست کردنی بەرەیەکی فراوان وەك " کۆنگرەی ئازادی عێراق " کەشایەد بەشێك لە ئیسلامی سیاسیشی تێدا جێ ببێتەوە ، ئەگینا ئەگەر وا نەبێ چۆن حزبی حککع بە کۆنگرەی ئازادی عێراق لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردن دا دەڵێ " بچن بگەڕێن لە لستێك کە نزیکە و دەکرێ برێك لە بەرژەوەندی خەڵکی تیابێ........لەگەڵ ئەوان تەوافق بکەن و دانیشن و لە گەڵیاندا بۆیە بە خاتری ئەوە تا ئێستا بایکوتمان نەکردوە "( چاوپێکەوتنەکەی سامان کەریم لە جەماوەردا).بڕواننە ئەم تێزانە بەڵام بۆ ئەوەی دڵی ئەم دۆستە کۆنانەمان نەڕەنجی تو خوا نەباسی حەجەریان بکەن و نە تێزەکانی کۆڕشی مودەرسی ، چونکە ئەوان کوا شتی وا دەڵێن!!! .

ئەم تێنەگەیشتنەیە ڕێبوار کە ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دەستی خۆت حزبەکەت دەخاتە خوارەوەو ، و بە پێچەوانەشەوە تەسلیمی دەکات بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق ، نەك ئیدعاکانی حمید تەقوایی . ئیتر ئێمە بە قەد تیپێکی فوتباڵ بین یان بە قەولی جلال تاڵەبانی بە حککع دەووت " بەمەنجەڵێ یاپراغ تێر دەخۆن" لەوە کەم ناکاتەوە کە حەق لە تەرەفی ئێمەیە هەر چۆن ئەوە حەقیقەت بوو بۆ ئەو سەردەمەی حککع لە بەرامبەر تاڵەبانیدا .

ڕێبوار ئەحمەد زۆری پێ یە و کەمی دەردەبڕێ ، بەڵام ئەندامانی مەکتەب سیاسیەکەی نایەڵن ئەم گەمە سیاسیە بباتە پێشەوە بەبێ ئەوەی وەزعەکەی لێ بئاڵۆزی تا شۆێنی پینە ئەکا لە چوار شۆینی ترەوە شەبەق دەخەنە وەزعەکەوە . ئەو دەڵی ئێمە ئەگەر بمانەوێ "سات و سەودا بکەین" " ئەم کارە ڕێگای ڕاستەوخۆی هەیە" و" بەرێگای سازش چارەسەری بکەین ، ڕێگای خۆی هەیە"و " ئیمتیازی خۆشمان وەرگرین!!!"، بەڵام کێ دەڵێ یەکێتی ئیمتیازت دەداتی ؟ ئەنجا ئەی سازش بۆ ڕێگای ناڕاستەو خۆی نیە ؟ وەلە ڕاستیشدا زۆر بەی کات هەر بە ناڕاستەو خۆ چووەتە پێش . هەر بۆیە هاورێکانت لە مەکتەب سیاسی ریسەکەت لێدەکەن بە خوری، تۆ بۆ ئیستهلاکی ناو بزووتنەوەی چەپ دەڵیی سازش ناکەین ، سامان کەریم ئیبداع دەکا و بەعەرەبی پێمان دەڵی " تۆ پێ دەڵی سازش من پێی دەڵێم مساوەمە( ما شاللە) ، بەڵام خۆ مساوەمەش بەمانا فراوانەکەی بەشێکە لە تاکتیکی سیاسی ئەحزاب و و مفاوەزاتی ئەحزاب( ئەڵێ دەرچوی زانکۆی مساوەمەیە)". موحسن کەریمیش رایگەیاند کە سازش دەکەن و کڵاو لەسەر کردنیش هەیە لە نێوان ئەحزاب دا. ئەمە قسەیە موحسین بێجگە لەوەی خوانەخواستە ڕێبوار بخاتە درۆوە ، ئەوە ئەوە پێشان دەدات موحسین تێناگا هەمیشە حزبی بە هێزو براوە لە شەڕدا کڵاو دەکاتە سەر دۆڕاو و بچوك . ئیتر ئێمە بڵێن چی ریبوار، هاورێکانت نایەڵن بەشێك لە ڕاستیەکان بە شاراوەیی بهێڵیتەوە ، تۆ دەڵێی دەس لە خوێنی هاوڕێیان هەڵناگرین و مومتەلاکەتەکانمان دەبێ بگەرێننەوە ، موحسن دەڵێ ئێمە هیچ دەعوایەکمان نەماوە لەسەر یەکێتی بە کێ باوەڕ بکەین ؟

ئەوەی تەرفێکی سیاسی دەست لە هەندێ داواکاری خودی حزبەکەی بهێنێ بۆ ئەوەی دەسکەوتی باشتری بە دەست بێنێ بۆ گشت کۆمەڵگە، و دەعواکەی هەڵ بگرێ بۆ کاتێکی تر کە بتوانێ ئیدعای بکات، لەو باوەڕەدا نیم قابیلی تێنەگەیشتن نەبێت، سەرەڕای ئەوەی مەسەلەکەی ئێوە لێرەوە نیە ، بەڵام ئەوەی تۆ دەست لە "بەرامبەرکێ" هەڵبگری بۆ "ئاشتبوونەوە" و لە ژێر ناوی " هەست کردن بە لێپرسراوێتی بۆ گونجاندنی فەزای سیاسی کۆمەڵگە" و لە ژێر ناوی ئەوەی خەڵکی کوردستان قازانجیان لە " فەراهەم کردنی فەزایەکی سالمی سیاسی و ئارامدایە" ئیتر تۆ

**بەتەواوی ئەتەوێ " کۆمۆنیزم بەریتە مەیدانی واقعی " مەیدانێك بۆرجوازی پێ باشە وەزعەکە نەشێوینی لە فەزای سالمی سیاسی و وەلە هەڵبژاردن و کلاوکلاوێنەدا و لە مەیدانی" تاکتیکاتی سیاسی ئەحزاب و مفاەزاتی ئحزاب" و "مساوەمەدا" یاری " دبلۆماسیەت" بکەی ئیتر ئەمە شتیکی ترە ، هەر ئەوەیە جلال تالەبانی لە ساڵی 1993 دا بەیەکێتی بیکارانی ووت بەیانی دەربکەن ئێوە بڵێن ئێمە سەر بە حککع و مەنسور حیکمەت نین منیش پشتان دەگرم، هەندێك لەو هاوڕێیانەی ئەو کاتەی یەکێتی بێکاران بەیان نامەیکیان نووسی کە سەر بەمەنسور حکمەت و کۆمۆنیزمی کرێکاری نین. ئەمرۆ بەعەکسەوە حزبەکەی تۆ دەڵێ ئیتر ئێمە دەستی پشتەوەی بزووتنەوە جەماوەریەکان نین " ئێمە دەمانەوێ لانی کەم بەو بەیانە بە خەڵکی کوردستان دەڵێین ئەگەر شتێکی وا دەڵێن ئەوە لای ئێمە ئەو شتە نەماوە ، بۆیە ئەگەر یەکێتی واتان پێ دەڵێ بڵێن هیچ دەستێ لە پشتی ئێمەوە نیە" . دیارە ئەمە لە روویەکەوە ئەوە پێشان دەدات یەکێتی بۆیە سەرکوت دەکات چونکە کێشەی شەری ئەحزابی هەیە، بۆیە ئەگەر ئێمە لێی بچینە دەرەوە ئەوە" فەزایەکی سالمی سیاسی!"دروست دەبێت بزووتنەوە جەماوەریەکە گەشە دەکات . بەڕاستی نازانین ئەمە ساویلکەیە یا خۆ گێل کردنە یا کلاو کلاوێنەیە، کەدیارە هەر ئێستا کلاوێکی گوڵ و گوڵی کراوەتە سەر رێبوار و حزبەکەی . لە وڵاتانی بەناو جیهانی سێهەم هەمیشە بۆرژوازی تەحەمولی ئیعترازو نارەزایەتی خۆپێشاندنی نەکردوە نایکات و بچوکترین ئیعترتز خەڵتانی خوێن دەکات ، و ناسێونالزمی کوردیش بەهەمان شێوە ئەمە پەیوەستە بە کاری هەرزان و کرێکاری بێدەنگ کراوەوە . ناسێونالزمی کورد و یەکێتی وەك یەکێك لە حزبە کانی ئەم بزووتنەوەیە لەهەمان مەوقعی سەرکوت گەری و کۆنە پەرستی سیاسی دایە ، تۆ ئەم فەهمە بنچینەیت بیر چووەتەوە . ئەمە رێبازو و پراتیکی مەنسوری حیکمەت بوو لەگەڵ جەماوەرو خەباتی جەماوەریدا؟ ، ئەمە رابیتەی حزب و کۆمەڵگەیە کە ئەم دۆستانە لە بەحسی حزب و کۆمەڵگەوە دەریان کێشاوە ؟، یان ئەمە یاری دبلۆماسیەت و گەمەی سیاسی کۆڕشی مودەرسیە کە رێبوار بە نوکە دەرزی لێی لانادات .**

**حزبی کۆمۆنیست، حزبی کرێکار و جەماوەری موعتەریزە بە دنیای سەرمایەداری، لە هەرشوێنێك وجودی هەبێ لە هەر ئیمکانێك لە بەردەستیدا بێت ئەم کارە دەکات ، لە بۆرجوازی سڵ ناکات و بەرۆژی نیوەڕۆ نارەزایەتی جەماوەر بەهێز دەکات پشتیوانەی بۆ پەیدا دەکات و حیزب لە دڵی ئەم بزووتنەوانە گەشە پێدەدات لێکی هەڵدەپێکی و لەم رێگایەوە سۆشیالیزم ئەکاتە ئەمری واقعی هەر ئێستا و لەبەر پێ ی کۆمەڵگەدا مەترەحی دەکات . بەمانایەکی تر ریفۆرم و شۆڕش لێك گرێدەدات . لە ڕاستیدا ئەم جۆرە بۆچونانە رێبوار و حزبەکەی کۆمۆنیزم لە جەماوەر دادبڕێ و لاوازی دەکات ، ئەویش بەدەوری خۆی لە دوو جەنبەدا نارەزایەتی جەماوەر لاواز دەکات لە جەنبەیەکیدا مەحرومی دەکات لە پشتیوانەی هێزی چەپ و لە جەنبەیەکی تردا بێ ئاسۆ و بەر تەسکی دەکاتەوە . موتەئەسیفانە بزووتنەوەکەی ئێمە بەموقایەسە بە ڕابردووی ساڵەکانی نەوەد زۆر چووەتە دواوە . ئەمەش نەجێی دڵخۆشی ئێمەیە و نەقازانجێکی سیاسی لێدەکەین بگرە ئەمە زەرەری بزووتنەوەی چەپە .**

**بەڵام رێبوار ئەحمەد بەوەی ئێمە لەناو دوو کەوانەدا ووتومانە ئێوە لە کوردستان نەماون، ویستومانە ئەوەی پێ بڵێن کە ئەو ناتوانی خۆی بکا بەکۆێخا و دەمڕاستی بزووتنەوەی داواکاریە دەست بەجێ و بەرهەقکانی خەڵك لەسەر مێزی ئاستبوونەوە داینێ ، هستریا گرتوویەتی هەتا فکرێکی نەکردوەتەوە ئەمە کێ پێ یانی ووتوە هەڵدەکوتێتە سەر ئێمە ئەوەی یەکساڵە لە دڵیدا پەنگی خواردبووەوە لە پێناوی ئەوەی ناومان نەهێنی، خەریك بوو سنگی درزی ئەهێنا ، هەموو هەڵدەرێژێ و فش دەبێتەوە . بەڵام وەختێك کۆڕشی مودەرسی بەشێوەیەکی باوکانە پێی دەڵێ " ئێوە لە کوردستان نەماون و لە خواروویش بوون بە رێکخراوێکی جەماوەری دژی داگیر کەر" نوتقی لێدەر نایەت ، بەڵام وەختێ ئێمە قسەکەی کۆڕشی پێ دەڵێین ئیتر ئەوە کفرمان کردوە کەعبە لەق بووە . بەشان و باڵی خۆیاندا هەڵدەدات .**

**" ئێوە بوون بە رێکخراوێکی جەماوەری دژی داگیر کەر" ، ئالای ئەوپەری چەپ بەدەستی ئێمەوەیە ، ئالای سۆشیالیزم ، ئالای رادیکالیزمی کرێکاری لە چنگی ئێمەدایە ، بەوە نیە حزبەکەمان گەورەیە یان نا ، کریکار ، شورا، جەماوەر، ئیعتراز، چەپ، سۆشیالیزم لەگەڵ ئێمەیە ، مساوەمە ، رێکەوتن ، ئاشتی، دبلوماسیەت، کلاولەسەریەکردن ، ڕاست ڕەوی هی ئێوە . بۆیە ئێمە سەر بەحیکمەتین ,و کۆمۆنیزمی کرێکاری ئێمەین، ئێوە دەبێ ناوێکی تر لە خۆتان بنێن .**